لە شاری هەولێر کۆنفرانسێکی تایبەت بە گرنگی دەستووری هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو

لە شاری هەولێر کۆنفرانسێکی تایبەت بە گرنگی دەستووری هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو.

ئەمڕۆ شەممە 11ـی 1ـی 2025، بە ئامادەبوونی پارێزگاری هەولێر و بەبەشداری ژمارەیەکی دیکە لە کەسایەتی ئەکادیمی، کۆمەڵایەتی، چالاکوان و ڕۆژنامەوانان، کۆنفرانسانێکی تایبەت بەپرسی بەدەستوور و گرنگی بوونی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان، لەلایەن ڕێکخراوی ڕەها بەڕێوەچوو.

لە کۆنفرانسەکەدا، پارێزگاری هەولێر ئومەد خۆشناو ئومێدی خواست لە هێنانەدی ئامانجی کۆنفرانس سەرکەوتووبن و هەڵسەنگاندن و ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی کۆنفرانسیش شوێن خۆیان بگرێت و ببێتە ئامرازێک بۆ خزمەتی زیاتر سەرجەم پێکهاتەکان و بونیاتنانی ئارامی و ئایندەیەکی باشتر بۆ کوردستانیان.